## بەکوردیکردنی خوێندن لە کوردستان و یادگاریەك

خەسرۆ پیربالْ

هەڵمەتی بەکوردیکردنی خوێندنی بالاّ لە کوردستان بڕیارێکی ئازایانەو پێوویست بوو، دیارە ئەم بڕیارە خۆی لەخۆیدا کارێکی ئێجگار پێویست و واتاهەلگرە، لەگەلْ ئەوەش دلْنیام کە وەکوو پێوویست ئیشی بۆ نەکراوە، لێرەش مەیەستم مەسەلەی وەرگێڕان و ئامادەکردن و بڕیاردان دەربارەی بابەتی خوێندن و ماددەی خوێندن و پرۆگرامەکانی هەر بەشێکی دیاریکراوی کۆلیژو بەشەکانی خوێندنە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عیڕاق.

دیارە لەو کۆنفرانسە گەورەیەی کە سالْی پار سازکرا لە کوردستان ( کۆنفرانسی خوێندنی بالاّی کوردستان )، مەسەلەی بەکوردیکردنی کتێب و بابەتە زانستیەکان یەکێك بوو لەو پێشنیارە گرینگانەی ئیش و کاری کۆنفرانسەکە، وە مایەی خۆشحالْیە کە زانکۆکان لە کوردستان یەکلایانە ئەم ئەرکەیان خستە سەر شانی مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان. دەبێت هەر مامۆستایەك و هەر بەشێکی کۆلیژو ناوەندەکانی خوێندن ئەو ئەرکە پیرۆزە لە ئەستۆبگرن، هەر یەکێك لە مامۆستایانە هەولْی تایبەتی خۆیان بدەن، لەگەلْ ئەوەش بە بۆچوونی من ئەوەی تایبەتە بە بەشە زانستیەکان، بە ڕاستی دەبێتە کێشەیەك، لە بەر ئەوەی هەتا ئیچستا لە گشت زانکۆکاندا، سەرچاوەکان زیاتر بە عەرەبی و نەختێکیش بە ئینگلیزی بووە کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی.

ئەم مەسەلەیە گەلێك پیرۆزە چوونکە لەم بەشەی کوردستان، هەرچۆنێك بێت، ئەگەر دەولْەتیشمان نەبێت، بەلاّم دەولْەتێکمان هەیە! وە ئازادانە دەتوانیین بڕیاری بەکوردیکردن و نووسینەوەی بەرنامەکانی خوێندنمان بەدەست خۆمانە، ئەگەر زۆردوور نەڕوانیین ’هەر لەوبەرەی تری( خابوورە) وە، تەنانەت بیرکردنەوە لەومەسەلانە" یەساخێکی" گەورەیەو هەرگیز قبوولْناکرێت.

یەکێك لەو یادگاریە تالاّنەی ژیانی قوتابیاتیم لە زانکۆی سەلاحەدیین ئەوەبوو، کە سالْی ١٩٨٦ سالْی یەکەمی بەشی ئابووری بوو لە کۆلیژی ئابووری و کارگێڕیدا لە هەولێردا، لەو پۆلەی ئێمە ١٢ قووتابی کوردی شارو شارۆچکەکانی کوردستانمان لەگەلْ بوو، لە کەلارو قەلاّدزێ وە سێ قووتابیمان هەبوو، پاش هەفتەی یەکەمی وانەکانی زانکۆ کە هەر هەموویان بە زمانی عەرەبی بوون، ڕۆژێکیان ئەو سێ قووتابیە خواحافیزیان لێکردم ووتیان ئیتر ئێمە دەگەڕێنەوە دێیەکەی خۆمان، منیش لێم پرسین لەبەرچی ئەو بڕیارەتان داوە، بەڕاستی

هەرسێکیانم زۆر خۆشدەویست و هەتا بڵێی خاکی و ساکاربوون، وەکوو هەندێك لە قووتابیە تەقڵەبازە عەرەبانە نەبوون کە لە عیمارە و بەغداوە بۆمان هاتبوون.

زۆر بە مەللوری پێیان ووتم : لە بەر ئەوەی عەرەبی نازانین، هیچ لەو وانانەی کۆلیژەکەمان حاڵی نابین؟!، بەڕاستی زۆرم پێناخۆشبوو، وە هیچیشم لە دەست نەدەهات، ئیتر لە ڕۆژەوە گەڕانەوە گوندەکانی خۆیان و لە بەر چاوان بزربوون.

ئەو سێ قوتابیە کوردانە تەنها نموونەیەکن لە هەزاران قوتابی کوردی بێ بەخت کە کاروانی خوێندن و فێربوونیان لەوێوە کۆتای پێهاتووە، کاتێك گەیشتوونەتە زانکۆو ئیتر بێبەشبوونە لە زانست و خوێندن.

ئەمڕۆکە کاتێك هەواڵی هەڵمەتی بەکوردیکردنی بەرنامەکانی خوێندن لە کوردستان دەبیستم، ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوە کە میللەتی کورد لە کوردستان بە زمانێك دەیخوێند کە بە زۆر سەپابوو بە سەر دامودەزگاکانی خوێندنی قووتابخانەو زانکۆکاندا.
ئەم هەڵمەتە پێوویستی بە خۆبەختکردنێکی زۆر هەیە، وە ڕۆڵی کۆڕی زانیاری کوردستان و پسپۆڕانی زمانی کوردیمان یەکێکە لە گرینگترین بنچینەکانی ئەم شۆڕشە کە لە زانکۆوە دەستی پێکردووە، بەو هیوایەی کە سەرجەم دامودەزگاکانی تری هەرێمی کوردستان بگرێتەوە.

خەسرۆ پیربال
٢٠٠٢/٢/١

Pirbal@hotmail.com